www.kurdistannet.org
25-4-2006 17:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڤیستیڤاڵی بەدرخان رۆژنامەنووسە لاوە رەچە شكێن و بوێرەكانی دەعوەت نەكرد!!!! گۆران موستەفا

لەو رۆژانە لەگەڵ شوانەی هاوڕێم سەردانی بارەگای رۆژنامەیەكی حیزبیم كرد كەبەگوتەی شوانە ئەو رۆژنامەیە یەكێك لەو رۆژنامانەیە كە مونافەسەی رۆژنامە ئەهلیەكان دەكات و چەند لاوێكی رۆژنامەنووسی ناو ئەو رۆژنامەیە توانیویانە عەقڵی حیزبی كوردی بگۆڕن و رۆژنامەی حیزبی بكەنە رۆژنامەی ئەهلی.. بەڵام لەو سەردانە كورتەماندا ئەوەی سەرنجماندا ئەوە بوو كە هیچ لاوێك لەوانە دەعوەتی ڤیستیڤاڵی بەدرخان نەكرا بوون.. ئەو رۆژنامەیە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی حیزبی زەحمەتكێش بوو.. كە بە بیروڕا زۆربەی رۆشنبیران ئیستا رۆژنامەیەكی بەهێزی هەیە و هەموویشی ئەو لاوانە هۆكارین.. كەچی لە ڤیستیڤاڵێكی ئاوادا لەجیاتی ئەوەی خەڵاتی رێزلێنان لە كاركردنیان و رچە شكێنیا پێبدرێت.. كەچی دەعوەت ناكرێتن.. دوای ئەوانیش ئەوەی كەبیستم لەرۆژنامەی هاووڵاتی ئەهلی و لە رۆژنامەی ئاوێنەی ئەهلی كەس دەعوەت نەكراوە، . من دەمەوێ لە بەرپرسانی ڤیتسڤاڵەكە بپرسم ئەدی داخۆ دەتانەوێ چ بكەن؟؟ دەتانوێ گرنگی بەكێ بدەن؟؟ ئەدی ئەو لاوانەی كە بەرۆژنامەیەكی حیزبی مونافەسەی رۆژنامە ئەهلیەكان دەكەن رۆژنامنووس نین؟؟ ئەدی لۆ ئەوانە دەعوەت نەكران؟؟ ئەدی ئەو رۆژنامانەی دەعوەت كرابوون لەڤیستیڤاڵەكەی ئەنگۆ لەهاووڵاتی و رۆژنامەی ئاوێنە باشترن؟؟ داوا دەكەم لێپرسراوانی ڤیستیڤاڵەكە لەكۆتایی دا ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە كە داخۆ بۆچی ئەو لاوانە دەعوەت نەكرا ون؟؟ یان بۆچی هەموو رۆژنامە و بڵاوكراوەكانی دوو حیزبە گەورەكەی پارتی و یەكێتی دەعوەت دەكرێن.. بەڵام ئەوانە دەعوەت ناكرێن.. یان ڤیستیڤاڵكە تەنها بۆ دوو حیزبی گەورە یەو نابێت لێپرسراوەكانی هیچ رۆژنامەنووسێكی تر دەعوەت بكەن؟ ئەگەر وایە با روون بكەنەوە.